دووەمین راپۆرتی دە رۆژەی پێشێلکاری دژ بە ئازادی رۆژنامەگەری
شوبات بۆ 1 ی ئازاری 2010-23

ئامادەکرنی
سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنوسان
دەربارەی راپۆرتەکە:

پاش دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە رۆژی 12ی شوباتدا، چەندین پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان لە پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراون. سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنوسان بڕیاریدا کە بۆ ماوەی مانگێك هەموو دە رۆژ جارێك راپۆرتێك لەسەر ئەو رووداوەنە بڵاوبکاتەوە کە کاریگەییان بەسەر رۆژنامەنوسان و ئازادی رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستاندا دەبێت. لە دووەم راپۆرتیدا، سەنتەری میترۆدا چەندین حاڵەت بڵاودەکاتەوە. ئەم راپۆرتە سەرجەمی ئەو رووداوانەن کە سەنتەری میترۆ لێیان ئاگادارکراوەتەوە. رەنگە پێشێلکاری و رووداو هەبن کە سەنتەری میترۆ لێیان ئاگادارنەبێت، بۆیە داوا لە هەموو رۆژنامەنوسان و دەزگاکانی راگەیاندن دەکەین کە هاوکارمانبن بۆ تۆمارکردنی هەر پێشێلکارییەك کە بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان و دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێن.

لەم راپۆرتەدا سەرجەم ئەو رووداوانە بڵاوکراونەتەوە کە لە نێوان رۆژانی 22بۆ 1ی ئازاری شوباتدا روویانداوە، بێگوێدانە ئەوەی کە پەیوەندییان بە بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە هەبووبن.

سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ئەو دە رۆژەی رابردوو، سەنتەری میترۆ رایدەگەیەنێت، "هەرچەندە بە بەراورد بە دە رۆژی یەکەمی بانگەشەکانی هەڵبژاردن پێشێلکاری دژ بە رۆژنامەنوسان کەمبووتەوە، بەڵام هێشتا رۆژنامەنوسان رووبەڕووی هەراسانکردن و هەڕەشەلێکردن و هێرشکردنەسەر دەبنەوە. بۆنمونە رۆژی 24ی شوبات رێگە بە چەندین رۆژنامەنوس نەدرا کە رووماڵی دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بکەن. ئێمە لە سەنتەری میترۆ بەتوندی هەموو پێشێلکارییەك بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان ئیدانەدەکەین. کاتی ئەوە هاتووە کە رۆژنامەنوسان بواریان پێبدرێت بەوپەڕی ئازادییەوە ئەرکی خۆیان، کە گەیاندنی زانیارییە، جێبەجێبکەن."

دەربارەی سەنتەری میترۆ:

سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنوسان، رێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی قازانج نەویستە بۆ بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان و ئازادی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان. سەنتەری میترۆ لە مانگی ئابی ساڵی 2009دا دەمەزراوە.

بۆ پەیوەندی و ناردنی زانیاری پەیوەندی بکەن بە:
رەحمان غەریب: 0770152300
ئیمەیل: metroiraq@gmail. com, rahmangarib@yahoo. com

رووداوەکانی دە رۆژی رابردوو:

عومەر فارس، بەرپرسی پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان نێت، رۆژی 28ی شوبات بە سەنتەری میترۆی راگەیاند،

"لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەردەوام بە نامەء ئیمەیل جوێنء هەڕەشەم بۆ دەنێرن،" هەروەها وتی، "ماوەی 11 ساڵە وتاری رەخنەیی لە سایتەکەماندا بڵاودەکەینەوە بەڵام هەرگیز بەم ئاستە نزمە هێرش نەکراوەتە سەر دایكء باوكی كۆچكردوم. "

نوسەر سەلام عەبدوڵا، رۆژی شەممە 27ی شوبات، بە میترۆی راگەیاند کە پاش بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك وتاری رەخنەیی سەبارەت بە سیاسەتء هەڵسوکەوتی ئێستاء ڕابردوی هەندێ قەوارەی سیاسی ناو پروپاگەندەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دەیان نامەی پڕ جوێن و سوکایەتی ئاراستەکراوە.

ئێواری 25ی شوبات پاش تەواوبونی یاری نێوان یانەی شێروانەو خاك، چەند هاندەرێکی یانەی خاك هێرشدەکەنە سەر صباح عەلی حەسەن، پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنە سپۆرت. صەباح بە سەنتەری میترۆی راگەیاند، "پاش سوکایەتی چەند کەسێکیان بە زۆرء بەبەرچاوی هێزەکانی ئاسایش کامێراکەیان لێسەندم،" هەروەها وتی، "پاشان ئاسایش کامێراکەیان بۆ وەرگرتمەوە بەڵام نەیانتوانی هێرشبەران دەسگیر بکەن وتیان ئەمری گرتنیانمان پێ نییە. "

سەنتەری میترۆی ئاگادارکردەوە (KNN) نیهاد هەمزۆ، پەیامنێری کەناڵی تۆڕی هەواڵی کوردی کەسەرلەبەیانی رۆژی 25ی شوبات لەگەڵ سەعید عبالرحمن، وێنەگری کەناڵەکە، پێش گەیشتنیان بۆ ناحیەیە زوماری سەر بە پاریزگای نەینەوا بە مەبەستی رومالکردنی هەواڵی کردنەوەی بنکەی زوماری بزوتنەوەی گۆڕان، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرشکراسەریان.

نیهاد وتی، "لە گوندی عومەرخالید هێرشیکرایە سەرمان، کامێراکەیان لێسەندینء جامی سەیارەکەیشیان شکاند. " هەرووەها وتیشی کە تائێستا مایکرۆفۆنەکەیان بۆ نەگەڕاندۆتەوە لای بەرپرسێکی پارتی لە گوندی عومەر خالید.

بیلال سەعید فەرەج، پەیامنێری گۆڤاری سڤیلء سایتی یەکگرتوو، بە سەنتەری میترۆی راگەیاند رۆژی 24ی شوبات لەکاتی وێنەگرتندا دوو پۆلیسی هاتوچۆ کامێراکەیان لێسەندوە. بیلال وتی، "بەزۆر کامێراکەیان لێسەندم وێنەکانیان سرییەوە کە وێنەی پێکدادانی دوو سەیارە بوو. " هەمان ڕۆژنامەنوس رۆژی پێنج شەممە لە لایەن چەند پۆلیسێکی لەناوبردنی تاوان لەناوەڕاستی شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر هێرشی دەکرێتە سەرو هەولی وەرگرتنی کامێراکەی دەدەن. بیلال وتی، "دەسەڵات بە کامێرا ئیزعاجء تورە دەبن ئێمەش کارمان بە کامێرا رایدەکرێت قوڕی کوێ بکەین بەسەرمانا،" هەروەها "بەڵام خەڵك منیان لە ژێردەستی پۆلیسەکان دەرهێنا. "

رۆژی چوار شەممە 24ی شوبات لەکاتی وێنەگرتن لە شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی هێرشکرایەسەر پەیامنێرو وێنەگری کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس نەبەز محمد شوکرو ئاسۆ حەمە رەئوف. ئاسۆ وتی، "لە لایەن جەماوەری ئەو بنکەی گۆڕانەوە سوکایەتیمان پێکرا هێرشکرایە سەرمان" وتیشی" جگە لە ڕستەی ناشیرین ڕێگەیان گرت وێنە بگرین"

رۆژی 24ی شوبات لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا تایبەت بە بودجە رێگە بە زیاتر لە دە رۆژنامەنوس نەدرا رووماڵی دانیشتنەکە بکەن. راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو رۆژنامەنوسانەی ئاگادار کردووە کە کەناڵی ئاسمانی نەورۆز دانیشتنەکە تۆمار دەکاتء پاشان بەسەر ئەو کەناڵانە دابەشدەکرێت. یەکێك لەو رۆژنامەنووسانە هێمن مامە پەیامنێری رادیۆی نەوابوو. ئەو بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند، "مۆبایلەکەیان

لێسەندم کە لە سەرەتای دانیشتنەکە دەنگی گفتگۆکانتم تێدا تۆمار کردبوو پاش سڕینەوەی دەنگەکە درایەوە دەستم. " هێمن دەڵێت کە چەند جارێکی تر ڕێگەی لێگیراوە لە روماڵکردنی هەواڵ، بۆ نمونە "لە 25ی شوباتدابوو لەکاتی کردنەوەی کونسڵگەری سوید (لە هەولێر) لەناو هەموو ڕۆژنامەنوسەکان ڕیگەیان لەمن گرت. "

ئەو پێشێلکارییانەی کە لە نێوان 12 بۆ 21ی شوباتدا روویانداوەو لە راپۆرتی یەکەمی سەنتەری میترۆدا ڕووماڵنەکران.

کارزان کەریم محمد، پەیامنێری ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگ و باس (ئاکانیوز)، وتی کە رۆژی 18ی شوبات سەرقالی وێنەگرتنی هەندێ پێشێلکاری بانگەشەی هەڵبژاردن بووە کاتێك چەند پاسەوانێکی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی رێگەی پێدەگرن. کارزان بە سەنتەری میترۆی وت، "وێنەی پۆستەرم دەگرت کە بە شوێنی وەك ئیشارەتی مرورو قوتعەی شارەوانی هەلواسرابون چەکدارەکان هاتنء کامێراکەیان لێسەندم وێنەکانیان سڕیەوە،" هەروەها "پاش ئەوەی موناقەشەم کردن کە ئەمەی من دەیکەم موخلەفە نییە بە قسەی ناشیرینء سوکایەتیپێکردن وتیان ئەم ناوە چۆڵبکەم. "

توانا بابا عەلی، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاسۆ، وتی کە شەوی 17ی شوبات لەبەردەم مەڵبەندی یەکێتی لە شاری سلێمانی هێزەکانی دژە تیرۆرو ئاسایش، کامێراکەیان لێسەندوەو پاش تەماشکردنی وێنەکانی تەسلیمیانکردووتەوە. توانا بابا عەلی بە سەنتەری میترۆی ووت، "بە زەبری چەك ویستیان کەلەپچەم بکەن پاشان کامێراکەیان لێسەندم بۆ دەرهێنانی میمۆریکەی" توانا ناسراو بە (توانا حاجی) وتی کە داوای قەرەبوکردنەوەی کامێراکەی دەکات کە "ئێستا بە تەواوەتی کار ناکات. "

فەریدون ئیبراهیم، وێنەگری کەناڵی ئاسمانی سەحەر، وتی کە شەوی 17ی شوبات لەکاتی ڕووماڵکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا لەگەڵ پەیامنێری کەناڵەکە، کەمال نوری، لەبەردەم مەڵبەندی یەکێتی لە سلێمانی لە لایەن هێزێکی چەکدار هێرش کرایە سەریان کاسێتەکەیان لێشەندرا. فەریدون وتی کە تائێستا کاسێتەکەی بۆ نەگەڕێندراوەتەوە.

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنوسان
ای ئازاری 2010